**هێژا کاک نێچیرڤان بارزانی**

سڵاوی گەرم

هەواڵتان دەپرسم و سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.

سەنتەری ڕۆشنبیریی پارێزەران لە ٢٠٠٥/٧/٢٥دا، لە هەولێر، کۆڕێکیان بۆ ساز کردم، تێیدا باسی ژنم لە ڕوانگەی ئیسلامەوە کرد، سەتەلایتی کوردستان لە ٢٠٠٥/٨/١دا، بە ڕاپۆرتێک* ئەو کۆڕەی بەسەر کردەوە، کەچی ئەوەتا وەک ئاگادارن، وەزارەتی ناوخۆ لەسەر ئەو ڕاپۆرتە، تەلەڤیزیۆنەکەی بۆ ماوەی ٢٤ سەعات داخستووە!

وەک چۆن ئەمە یەکەمین جارە لە کوردستاندا شتێکی وەها ڕوو بدات، هەروەها یەکەمین جاریشە پارتی ئاوا بەو زەقییە لە بەردەم گوشاری ئیسلامییەکاندا پاشەکشێ بکات. ئەمە دەستپێکێکی زۆر خراپە و تەواو وەک ئەوە وایە، لە ململانێی نێوان پدک و ئیسلامییەکاندا، پارتی گۆلێکی کوشندەی لە خۆی کردبێت.

ئەگەر ڕەشماڵی دیموکراتی لای پارتی، داڵدەی شەش حەوت دەقیقە قسەی نووسەرێکی ئازادی کورد نادات، ئەگەر وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، کوتەکێکە بە دەستی ئیسلامییەکانەوە، چاکتر وایە پارتی، ناوی خۆی لە پارتیی دیموکراتی کوردستانەوە، بۆ پارتیی ئیسلامیی کوردستان، بگۆڕێت.

لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیمدا.

براتان

حەمەسەعید حەسەن

٢٠٠٥/٨/٤

کاترینەهۆڵم/سوێد

* قەرارە سامان حسێن و هەوار عەبدولڕەحمان بە(تاوان)ی بڵاوکردنەوەی ئەو ڕاپۆرتە، سزا بدرێن!